# دەسەڵات و ترسی گۆڕان

عومەر جەلال
omerjelal@yahoo.com

لە هەموو کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا چەمکی گۆڕان گرنگی تەواوی پێدەدرێت ,ترس لەگۆڕان ترسە لە دروستکردنی کۆمەڵگەی مۆدێرن ,ئەشێ لە دەسەڵاتی کوردیدا شتێك نەبێت بە ناوی چەمکی گۆڕان بەهەموو ماناکانییەوە , حیزبی کوردی نەخۆشیەکی شیزۆفرینیای هەیە بەرانبەر بە گۆڕان, گۆڕان لە عەقلیەتی حیزبایەتی گۆڕانە بە مانای دەرباز بوون لە بیری تەسکی بە حیزبیی بوون لە هەموو دەسگا هەستیارەکانی کۆمەڵگە,دەسەڵاتی کوردی بەتەمەنێکی زۆرەوە لە ئاستی ئەوەدایە کە چیدی ترسی نەمێنێت لە گۆڕان تاکو بتوانرێت کۆی تاکی کۆمەڵگە هەماهەنگی و دایەلۆگی کراوە دروست بکات لە نێوان دەسەڵات و هاولاتیان,

ئەوەی لە دەسەلاتی کوردیدا دەبینرێت لەم سەردەمەدا خۆ دزینەوەیە لە هەنگاوەکانی گۆڕان , چ لە بواری کارە نێگەتیڤەکانی دا بێت یان لە هەر بوارێکدا کەخزمەت بە کۆمەڵگەبکات.ئەوەی تاکی کوردی لە دەسەلاتی چاوەڕێ نەدەکرد ئەو هەموو گەندەڵی بە فیرۆ دانی داهات و بەدەنگەوە نەهاتنی خەڵکەوە بوو کە بەرەو رێگایەکی تاریکمان دەبات, تاریکی بەو مانایەی کە ئەمرۆ گەورەترین ترسی دەسەلاتی کوردی ترسەلە گۆڕان ,

ئەگەر بەرهەمی دەسەلات بۆ نوخبەیەك بێت ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە دەسەلاتی کوردی لە خاڵی شلۆقدا دەژێت, دونیایەك لە خۆپیشاندان و تێکچرژان و گەورەکردنەوەی کێشەی تاکی کوردی بەرانبەر بە دەسەلات بۆ ئەوەی بە یاسایەکی مرۆیانە لەتەك داخوازییەکانی خەڵکیدا بگونجێت, کەچی جگە کۆمەڵێك بەڵێنی بێسەر و بەرەو هیچی دی نەبووە, دەبێت دەسەلات باش ئەوە لە یاد نەکات کە ئەمرۆ تاکی کوردی لە دۆخێکی زۆر هەستیاردا دەژێت , ئەوەی لە رابردووی ئەم حیزبانەدا بووە کە کۆمەڵێك ویست و ئارەزووی بەرژەوەندیانە و تەواوی داهاتی هاولاتیانی داگیرکردووە ,ئەوەهەنووکە پێویستیەکی زۆر گرنگە کە دەسەلات بە گۆڕانکاری دەتوانێت ئەو کەسە گەندەلانە دووور بکاتەوە و بەبەرنامەیەکی نوێوە بێتە نێو کۆمەڵگەوە,باشتر وایە ئەوەی لە رابردوودا روویدا هەر لەشەڕی ناوخۆ تا دەگاتە گەندەڵی و بەدەنگەوە نەهاتنی هاوڵاتیان و گوێنەگرتن لە گەنج و فەرامۆشکردنی قوربانییەکان تەواو پێچەوانە ببێتەوە ,وەلێ هەنووکە ساتی ئەوە هاتووە کە دەسەلاتی کوردی خەونی لەمێژینەی بگۆڕێت و بە وێنەیەکی دی و بە جیهانبینییەکی تازە و لێوان لێو لە گۆڕان لە تاکی کوردی و کۆمەڵگە بڕوانێت ,

ئەوەی لە گۆڕان دا دەسەلات سوودی لێدەبینێت پێویستیە سەرەتاییەکانی تاکی کوردیە کە ئەمرۆ بە دەستیەوە دەناڵێنێت و بە مافی خۆی دەزانێت بگاتە دەرەنجامەکانی ئەو هەموو ئازارەی لە رۆژگارە تاریکەکانی ژیانی دا گوزەری پێدا کرد.

ئەگەر دەسەلات بەرگێکی نوێ لە رووی گەندەڵی و کەمتەرخەمی بکات ئەوە لە سوودمەندی خۆی و تاکی کوردیە ,ئەگەر گۆڕان بکرێتە پێوادانگێك بۆلێکترنزیك بوونەوەی نێوان دەسەلات و هاوڵاتیان ئەوە دەبیینە خاوەنی کۆمەڵێك دیاردەی پۆزەتیڤ کە لە ژیانی هەرتاکێکی کوردیدا رەنگ دەداتەوە,بوونی هەر دیاردەیەکی ناشایستە هەر لەگەندەڵی تا دەگاتە شاردنەوەی سامانی کوردی بۆ حیزبە بێ ئومێد مکان لەترس,

داتاشین و رەنگکردن و رازاندنەوەی کۆمەڵێك بڕ یار هەرگیز هێمایەك نییە بۆ دروست بوونی گۆڕان لە نێوەندی دەسەلات, گۆڕان هەر بەوەنابێت کەدەسەلات خووی پێوە گرتووە, دەبێت حیزبەکان هەروەك و چۆن بڕوای تەواوی بەوە هەیە کە زۆرترین ئەندام بەلای خۆ یدا رابکێشێت دەبێت بەو ئەندازەیەش بڕوای بەچەمکی نوێگەری و گۆڕان هەبێت بۆ ئەوەی چیدی ناکۆکیەکانی نێوان هاوڵاتیان و دەسەلات دژ بەگەندەڵی حیزبەکان روو لە ئومێدێکی باش بکرێت .

ئەوی لە دەسەلاتی کوردیدا هەستی پێدەکرێت ترسە , ترسێکی گەورە لە گۆڕان ,ترسێکی گەورە لەئاشکراکردن و لە ناو بردنی عەقلیەتی حیزبایەتی و نەمانی گەندەڵی و بە خۆداچوونەوە, گۆڕان لەکۆمەڵگەی کوردیدا پێویستیەکی هەنووکەییە لەپاش ئەو هەموو نەهامەتیانە و پەراوێزخراوانەی تاکی کوردی دەشێ گۆڕان بمان گەیەنێتە ئاسۆیەکی نوێ بۆ ئەوەی بتوانین هەست بەوە بکەین خاوەنی دەسەلاتێکین بە خوێنی هاوڵاتیان گەیشتۆتە ئەم سەردەمەو توانیویەتی پاداشتی خاوەن قوربانیان بداتەوە.

---

لە هەفتەنامەی ( ئالای ئازادی ) ژمارە ( 708 ) ی 2007/4/30 بلاوبووەتەوە.

www.dengekan.com
5/9/2007